# دیمانەی ڕۆژنامەوانی

# لەگەل دەشتی جەمال بەرپرسی فیدراسیۆن

# ڕۆژنامەی ئالای ئازادی

# لەلایەن هیرش شۆرش سازدراوە

## لەژمارە 700 بلاوكراوەتەوە



1ـ ژمارەی ئەو پەنابەرانەی كە رەوانە كراونەتەوە چەندن؟

ژمارەی ئەو پەنابەرانەی كە تا ئیستا بەزۆر رەوانەی فرۆكەخانەی هەولێر كراونەتەوە 87 پەناری كوردە كە مانگی 11 ی2005 یەكەمین وەجبەی پەنابەران كە بەزۆر رەوانەكرانەوە 15 پەنابەر بوو ،وەجبەی دووەم سالّی 2006 كە 34 پەنابەر بوو ،وە هەروەها وەجبەی ئەم دواییانە لە 12-2-2007 38 پەنابەر بوون كە پێچەوانە بەخواستی خۆیان بە فرۆكەی سەربازی وكەلەپچەكراوی راستەخۆ بۆ فرۆكەخانەی نیودەولەتی هەولێر رەوانەكراونەتەوە.

2ـ بۆچی ئەوان رەوانە كرانەوە، ئایا هیچ تۆمەتێك هەیە بۆ رەوانەكردنەوەیان؟

گیرانەوەی ئەم پەنابەرانە بەر ئەنجامی رێكەوتنی نهینی سێ قولیەیە كە سالّی 2005 لەبەینی حكومەتی هەریمی كوردستان حكومەتی عیراقی و وەزارەتی ناوخۆی بەریتانیا سەبارەت بەگیرانەوەی بەزۆری پەنابەرانی كورد ئیمزاكراو، سەبارەت بە پرسیارەكەتان ئەوەی توهمەتێك هەبێ كام توهمەت ئایە داوای مافی پەنابەریش بوو بە توهمەت.. نەخێر حكومەتی بەریتانیا هەرجارێك لە پەلامارەكانی بۆ سەر پەنابەران پاساوێك دینیتەوە ریگا بدە كورتەیەكی باس بكەم بەدوا كارەسات و پەلامارە خۆێناوێكەی 7-7 ی شاری لەندەن كەلەلایەن تیرۆریستانی ئیسلامیەوە دەستی بۆبرا، هاوكیشەكان بەتەواوی بەقازانجی دەولەت و بەزەرەری خەلك گۆردران، لەلایەك دەولەت بەبەهانەی گرتنی تیرۆریستان و هینانی ئەمنەیەتەوە بۆ خەلّكی بەریتانیا و پاراستنیان لە هەرەشەی تیرۆریستان كەوتۆتە پەلاماری ماف و حقوقە مەدەنیەكانی خەلك و كۆمەلە بریاریكی بەدژی پەنابەرانی دانیشتووی بریتانیا هیناوەتە كایەوە و لەلایەكیتریشەوە ژورنالیست و دەزگاكانی راگەیاندنی سەربە دەولەت كەوتنە دەست پێكردنی مانۆرێكی تەبلیغاتی نەژاد پەرستانە بەدژی خەلّكی بیانی بەردەوام حملە دەكرێتە سەر پەنابەران ، پەنابەرانی كوردیش بێ بەش نین لەم حملەو پەلامارانە كە دەكریتە سەر مافەكانی پەنابەران لە وولاتی بەریتانیا ، سەرەئەنجام حەملەی گرتن و دیپۆرتكردنەوەی پەنابەرانی لیكەوتۆتەوە. دەولەتی بەریتانیا

بەم بەهانەیەی خەریکە توولّەی کارەساتە تیرۆریستی‌یەکەی مانگی تەمووزی شاری لەندن و لەژێر ادعای( هینانی ئەمنیت ) لەخەڵکێك بکاتەوە کە رۆژانە خۆیان لەعیراق و کوردستان باجی تاوانەکانی تیرۆریستان دەدەن، ئەم سیاسەتە جگەلەوەی سیاسەتێکی نائینسانی یە، ناگوونجیٚ لەگەل هیچ یاسا و پێوانەیەکی نیودەولەتی لەبارەی مافی پەنابەرانەوە کە دەولەتی بەریتانیاش خۆیان ئیمزایان کردوە،لەلایەکی ترەوە پەنابەرانی کوردستان خەریکن باجی سیاسەتێك دەدەن کە دەولەتی بەریتانیا خۆیان یەکیکن لەهۆکاری هەڵواسراوی چارەنووسی کوردستان و نادلنیای ئایندەیان ، بەراستی پەنابەرانی کوردستان قوربانی بیٚ دەولەتی نادیاری چارەنووسن کە بەرئەنجامی سیاسەتێك کە دەولەتی بەریتانیا لەگەل هاوکارەکانی لەعیراق و کوردستان تیا شەریکە وە دەبیٚ تەحەمولی ئاکامەکەشی بکات ،ئەم پەنابەران بەهۆی سیاسەتی دژی ئینسانی دەولەتی بەریتانیا لە دووهەفتە پیش رووخانی رژیمی بەعسەوە کەیسی تەواوی پەنابەرانی عیراقی و کورد لەدادگاکان راگیرا و دوای روخانی رژیمی بەعس دەستیان کردوە بە رەفزی بەکۆمەل بە پەنابەرانی کورد بە تایبەتی لەژێر ادعای (ئامن) بوونی کوردستان و بەتایەتیش ئەوەی ئەم دواییانە ئاشکرایان کرد رێکەوتنێکیش لەگەل حکومەتی هەریمی کوردستان ئیمزا کراوە بۆ کایە کردن بە ژیانی ئەم پەنابەرانەوە.

3–ئێوە راتان گەیاند کەپارێزەرتان بۆ گرتبوون لە دادگاکاندا، ئایا تا چەند کاریگەری هەبوو ئەو کارەی بەڕێزتان؟

هەروەك بە دروست ئیشارەتان پیدا ئێمە سەرەتا ئەم هیرشانە بۆ سەر پەنابەران پاریزەرمان گرت بۆ ژمارەیەکی زۆر لەو پەنابەرانە بەتایبەتی بەوانەی دەستمان پیان راگەیشت ،ژمارەیەك لەو پەنابەرانە بەهەولٚ و تیکۆشانی فیدراسیۆن و رێکخراوە پەنابەریەکان ئازادکران لەمەترسی گیرانەوەی بەزۆر رزگاریان بوو تا دوا کاتەکان نزیك 4 و نیوی بەیانی من لەگەل ژمارەیەك هەڵسوراوی فیدراسیۆن لەشاری ئۆکسفۆرد بووم ئەو شارەی نزیك بە( برایزنۆرتن) شۆینی فرۆکەخانەی سەربازیە پەیوەندی تەلەفوونی بوو بەو پەنابەرانەوە وە هەروەها پێشتریش کە من لەکوردستان بووم هاوریانی سکرتاریەتی فیدراسیۆن توانی بویان بۆ ژمارەیەك لەو پەنابەرانە پاریزەر بگرن بەداخەوە ژمارەیەك پەنابەران نیرانەوە وە ئەگەر ئەم هەولاّنەش نەبووایە ئەوا گرتووخانە دەست بەسەرەکانی پەنابەران پردەکرا وە پەنابەرانی زیاتریش رەوانەی کوردستان دەکرایەوە .

4–زۆرێك لەو کودانەی کە دانیشتوی بەریتانیان، تا ئێستا مافی پەنابەرێتیان وەرنەگرتوە، ئایا مەترسی ناردنەوەیان لەسەر نییە ئەوانیش، یان بە روویەکی دیکە بلّێم ئایا ئێستا ئەوان لە چ بارودۆخێکدا دەژین؟

بارودۆخی گشتی پەنابەران بەراستی ترس لەگیرانەوە بۆتە تارمایەکی کوشندە بەسەر سەری پەنابەرانەوە و دلەراوەکی گەورەی لەنیو پەنابەراندا پەرەپێداوە نەك تەنها لەنیو ئەو پەنابەرانەی وەلامی پەنابەریان رەتکراوەتەوە بەڵکو ئەوانەشی کە بەنیوە ناچل مافی مانەوە کاتیان یان پیدراوە،راگرتنی کەیسەکان وەلامی رەفز ،برینی سوسیال و وەدەرنانی پەنابەران لەشۆینی حەوانەوە تا بەستنی دەرگا بەرووی خۆیندن و و زمان و پیداویستیە سەرەکیەکانی رۆژانە ،دانی ڤاوچەر و نەبوونی هەقی کارکردن تا گرتن و راونان بەجۆرێك ژمارەیەك لە پەنابەران ناچار بوون ئەم وولاتە جێبهێڵن وەیا ناچارکراون خۆیان داوای گەرانەوە بکەن سەر باری ئەوەی ئەم بارودۆخە خەتەرناکە لەسەر باری تەندروستی پەنابەران سایەیی کردوە و.. ئەمە جگە لەوەی دەولەتی بەریتانیا دەستی بردوە بۆ شیوازی ترو هەنگاوی تری گرتۆتە بەر تا فشار بخاتە سەر پەنابەران بۆ هەڵبژاردنی گەرانەوە ئەویش ئەم دواییانە ژمارەیەك لەپەنابەران لەگارگاکان کە ماندوو دەبن و زەحمەتیان دەکیشا و ژیانیان بەپیٚ یاساکانی دەولەت جیکەوتبوو تاکس و کریٚ و ژیانی خۆیان دابین دەکرد کەچی هەرەشەی دەرکردن لەسەر کاریان لەسەرەو ژمارەیەکی زۆر لە پەنابەرانی کورد لەسەر کار دەرکراون کە ئێمە لەو بارەیەوە کەمپینمان بوو بۆ راگرتنی ئەم سیاسەتە دژی ئینسانی یەی دەولەت.

5– ئەو رۆژەی کە ئەو پەنابەرانە رەوانە کرانەوە ئێو ئاگاداربوون، ئایا بە چ شێوازێك رەوانە کرانەوە؟

رەوانەکردنەوەی ئەو پەنابەرە کوردانە بەوپەری شیوازی دژی ئینسانی و ژیر پێنانی تەواوی پرنسیپ وبنەما یاساییە نیو دەولەتی یەکان و مافی مرۆڤ و جارنامەی کۆنفیدراسیۆنی جنیفی 1951 کە دەولەتی بەریتانیا ئیمزایان لیداوە ،ناردنەوەی ئەو پەنابەرانە بەکەلەپچەکراوی اهانەت و سوکایەتی وفرۆکەی سەربازی وەك ئەوەی ئەسیری جەنگی بن و تاوان باری جەنگی بن لەکاتیکدا ئەوپەنابەرانە هیچ تاوانیکیان نەکردوە و مەدەنین و داوای پەنابەریان رەتکراوەتەوە ،هەندێکیان لەبەر ئەوەی نەیان ویستوە بەزۆر بنیرینەوە خراونەتە ژیر فشارو مامەلەی

نامرۆڤانە  ئازار جسمی و دەروونی دراون وە تەنانەت مەلەڤ ساختەیان بۆ دروست کراوە کە لەنامەیەکی هاوپێچ  پیان دراوە گوایە ئەم پەنابەرانە ماوەی فیزەی عیراقیان بەسەر چووە بۆیە رەوانەکراونەتەوە وە پێشتر ناوی ئەم پەنابەرانە نێراوەتە لای حکومەتی هەریم بەپێ ئەو زانیاریانەی هەمانە لەکاتیکدا ژمارەیەکی بەرچاو لەپەنابەران لەدەست سیاسەتو کردەوەکان و پێشیلکاریەکانی ئەم حزبانە لەکوردستان هەلهاتوون ..کەچی حکومەتی هەریم موافقەتی لەسەر کردوە ،هەموو ئەم کردەوانە غەیرە یاساین کە لەسەر ژیان و چارەنووسی پەنابەرانی کورد ئەنجام دەدرێ.

6- زۆرێك لەو پەنابەرانەی کە رەوانە کراونەتەوە، رایدەگەیەنن کە رێگەیان پێنەداون کە هیچ شتێك لەگەڵ خۆیاندا بهێننەوە، ئایا ئێوە بۆ گەڕاندنەوەی شتەکانیان چ رێگەیەك دەگرنەبەرو چۆن بۆیانی رەوانە  دەکەنەوە؟

مەبەستت چ شت وەکو پیداویستی یەکە ئەگەر موڵك وە یان شتی دیکە هەیە ئەوە باشتر وایە ئەو پەنابەرانە بەزووی پەیوەندی بەنۆینەری فیدراسیۆن (بەشدار عەلی) لەشاری هەولێر بکەن وە وەکالەتێك بۆ فیدراسیۆن بکەنەوە تا ئێمە لەریگای پاریزەرەوە ئەو پیداویستیانەیان بۆ وەربگرینەوە و بەدوا چوون بکەین لەسەر ئەمە ئێمە ئامادەی هەموو هاوکاریەکین لەو بارەیەوە.

7- ئێستا چ هەوڵێکتان هەیە لەبارەی نارنەوەی پەنابەران، لەکاتێکدا هاورێ دەشتی تۆ لە کۆنگرە رۆژنامەوانیەکەی سلێمانیدا راتگەیاند کە لەگەڵ ئەوەی دەڕۆیتەوە قسەو کۆبونەوەت هەیە  لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمانی ئەوروپا؟
ئایا رەئی سەرۆکی پەرلەمانی ئەوروپا چۆنە لەبارەی ئەو رەوشە ئالۆزەی کە دروست بووە لە وڵاتی بەریتانیا؟

بەدوای هیرشە رەشبگیریەکەی حکومەتی بەریتانیا بۆ سەر پەنابەرانی کورد، ئێمە لەفدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی لەبەریتانیا لەگەڵ نۆینەرانو هەڵسوراوانی فدراسیۆن لەشارەکانی تر دەستمان دایە کەمپینێکی بەرفراوان لەسەرتاسەری شارەکانی بەریتانیا، راگەیاندنی بەرفراوانمان دا بۆ ئیدانەی ئەم سیاسەتە، دەستمان دایە رێکخستنی خەبات و نارەزایەتێکانی پەنابەران و دەست بردن بۆ کاری دەستەجەمعی وخۆپشاندان و پیکیتی تەبلیغاتی بەرفراوان کە لەچەند شاری بەریتانیا لەوانە مانچستەر ،لیستەر،نوتین هام ،لەندەن،هال بەردەم فرۆکەخانەی سەربازی (برایز نورتن) خۆپیشاندانمان کرد  روومان کردە رێکخراوە ئینسانی و دیفاع لەماف پەنابەری و یەکیتی کرێکاری ، ئەحزابی چەپ و سۆسیالیستەکان وخەڵکی ئازادی خوازی بەریتانیا بۆ راکیشانی پشتیوانی و هاوکاریان بۆ شکست پیهنانی ئەم سیاسەتە دژی پەنابەری یە ، کە سەر ئەنجام رێکخراوەکانی وەك عفوی دووەلی (امنستی ئەنتەرناسیونال) ،رێکخراوی رفیوی کنسل (شورای پەنابەران)چەند یەکیتی کریکاری و ریکخراوی پەنابەری ئیدانە و دژی ناردنەوەی بەزۆری پەنابەرانی کورد راوەستان ،پەیوەندیمان گرت  بە چەند ئەندام پەرلەمانی بەریتانی و ئەوروپی و( ریکخراوی هیومەن رایت وەچ) و لایەنی پەیوەندی دار لەسەر مەسەلەی پەنابەران داوای پشتیوانیمان کرد ، رۆژی 26-3-2007  لەپەرلەمانی بەریتانیا لەسەر سیاسەتی بەزۆرناردنەوەی پەنابەرانی کورد کۆبوونەوەمان هەیە کە لەسەر بانگهیشتی (جان مکدونالد) بۆ فیدراسیۆن راگەیەنراوە ، دام و دەزگاکانی راگەیاندو میدیاکان بۆ انعکاس کردنەوەی دەنگی نارەزایەتی پەنابەرانی کورد دژ بەگەرانەوە چالاککراوەتەوە ناچارکراون هەوالەکانی پەنابەران بلاوبکەنەوە ، دەستبردن بۆ  کەمپینیکی بەرفراوان بەهەدەڤ تۆمارکۆکردنوە کە خواستەکانی پەنابەرانی تیا هاتووە لەوانە(سیاسەتی دیپۆرت کردنەوەی پەنابەرانی کوردو عیراقی دەست بەجێ دەبێ راگیرێ ،مافی ئەوە بدرێ بە پەنابەرانی کورد دیفاع لەخۆیان کەیسەکانیان بکەن،ئازادکردنی دەست بەجێ گیراوەکان،دانی مافی پەنابەری بە پەنابەرانی کورد و عیراقی بەعینوانی قوربانیان جەنگو نائەمنی لەعیراقدا،تەواوی خزمەت گوزاریەکان بۆ پەنابەران بگیرنەوە لەوانە خانووبەرە،حقووقی سۆسیال،مافی کارکردن وخۆیندن...)
 بەردەوام لەناوەندی شارەکاندا  راگەیاندنەکان کە خواستەکانی پەنابەران بەرجەستەدەکاتەوە ودەنگی نارەزایەتی پەنابەران بلاوکراوەتەوە لەریستوران  و دوکانە کوردیەکان کۆرو  کۆبوونەوەی گشتیمان بووە لەگەل پەنابەران بۆ ئامادەکردنی پەنابەران بۆ هەنگاوەکانی دواترمان بۆ رووبەرووبوونەوە بەرامبەر  بەم سیاسەتە.
سەبارەت بە پەرلەمانی ئەوروپا هەروەك لەکۆنگەری رۆژنامەگەری سلیمانی رام گەیاند پێشتر من لەگەل سەرۆکی پەرلەمانی ئەوروپا کۆبوومەتەوە شکایەتنامەیەکم لەسەر حکومەتی بەریتانیا لەگەل زیاتر لە2000 ئیمزا کە خواستەکانی پەنابەرانی تیا هاتووە تەسلیم کردوە

لەم رۆژانەدا لەریگای حزبی سەوزی بەریتانیاوە داوای وەلامم کرد وە ئەوان خەریکن بەدواچوون دەکەن ، باسم لە دانیشتنی جنیف کرد کە خۆشبەختانە بەرپرسی بالای (UNHCR) کە لەجنیفەوە هاتبوون بۆ سەردانی لەندەن سەبارەت بەم مەسەلەیە دوای ئەوەی لەگەل وەزارەتی ناخوخۆی بەریتانیا کۆبووبوونەوە هاوکات لەگەل مندا کۆبوونەوە ئەوانیش نیگەرانن لەسەر هەلویستی خۆیان سوورن کە هیچ پەنابەرێك بەزۆر نەنێریتەوە وە بریارە چەند کەیسێکی کوردستان بخەینە بەردەستیان و پەیوەندیمان بەردەوام دە بێت.

وە ئیستا خەرکی سەرتاسەری کردنەوەی خەبات وتیکۆشانی ریزەیزەکانی پەنابەرانین و فیدراسیۆن دەورێکی پێشرەو کاریگەری هەبووە لەهەڵخراندی بیروڕای گشتی تەنانەت هینانە جوابی کاربەدەستانی حکومەتیش ..بەرەی دژی دیپۆرتی پەنابەران بۆ عیراق پێك هیناوە خەریکی چالاکی بەرفراوانە نۆینەری چەند رێکخراوی پەنابەری و ئینسانی و ئەندام پەرلەمان تیا ئەندامە وە ئێمە لەهەوڵەکانی خۆمان بەردەوام دەبین تا دوا بزماری خۆمان بدەین لە تابووتی ناردنەوەی بەزۆری پەنابەران وە لەم هەولانەمان تەنها نین خەڵکی ئازادی خوازو ئینسان دۆست لەدەرەوەو ناوەوە پشتیوانمانن.

پرسیاری 9:

پرسیاری 10: وەك کەسایەتی یان وەك حکومەت یان وەك حزبە سیاسیەکان چ پشتیوانیەکتان پێگەیشتوە، بە شێوەیەکی جدی؟

مەبەستی پرسیارەکەتان ئەحزاب و رێکخراو کەسایەتی کوردستانە یان دەرەوە ..تا ئەو جیگەیەی بە بەریتانیا دەگەریتەوە لە پشتیوانی یەکی بەرین بەهرمەند بووین هەروەك باسم کرد چەند رێکخراوی ئینسان دۆست و پەنابەری و حزب و لایەنی سیاسی و کەسایەتی ئەندام پەرلەمان پشتیوانیان لێکردوین لەم کەمپینە و بەتایبەت لەلایەن حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراقەوە پشتیوانی راستەخۆ کراوین لەلایەن رێکخراوی پەنابەرانی ئیرانی و کەمپینی دژی راسیزم و فاشیزم لەبەریتانیا ،(جین لامبیرت) ئەندامی پەرلەمانی ئەوروپا و لەحزبی سەوزی بەریتانیا ( جان مکدونالد، جیرمی کۆبن) ئەندامانی پەرلەمانی بەریتانیا لەخۆپشاندانەکانی ئێمە بەشدارییان کردوە و پشتیوانی راستەخۆمان لی دەکەن ، چەند یەکیتی کریکاریەکان و رێکخراوی امنستی و ریکخراوەکانی تر نامەی نارەزایەتیان نوسیوە هەروەها لە وولاتی سوید و هۆلنداو کەندا هەلسوراونی فیدراسیۆن ورێکخراوی کوردی لەنەروبج نامەی پشتیوانی یان خستۆتە سەر حکومەتی بەریتانیا وە هەوەها ژمارەیەکی زۆر لەرێکخراوە کوردیەکانی بەریتانیا هاتوون و ئامادەییان دەربریوە هاوکاری و پشتیوانی کەمپینی فیدراسیۆن بکەن کە ئەمە هەنگاوێکی گرنگە .

تا ئەوجیگەی بەکوردستان دەگەریتەوە بەدوای گەرانەوەی من بۆ کوردستان خۆشبەختانە ئیستا بەردەوام میدیاو دەزگاکانی راگەیاندن و رۆژنامەکان و رۆژنامە نووسان بایەخێکی جدیان داوەتە مەسەلەی پەنابەران و لەسەر هەوالەکانی پەنابەران گرفتەکانیان دەنووسن وەیان هەواڵەکان بلاودەکەنەوەو کەمن پێم خۆشە لەم هەنگاوە دەستخۆشانە بکەم و سپاس گوزارم ،کە ئەمە تاسیری بووە هاوشانی کارو چالاکی و کەمپینەکانی ئێمە بۆ بزوانی را گشتی کە تەنانەت بەرهەمی ئەم فشارانە بۆ یەکەمین جار دوای دوو سال ناردنەوەی بەزۆری پەنابەران بۆ کوردستان حکومەتی هەریمی کوردستان بێ دەنگی خۆیان لێکردبوو ئیستا لەیەکیك لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیران باسی نارازی بوونی خۆیان بۆ ناردنەوەی پەنابەران دەکەن کە دیارە ئەمە هەنگاویکە بەلام کاف نی یە پێویستە ئێمە فشارەکانمان توندتر بکەینەوە لەکوردستان وە لەدەرەوە تا حکومەتی هەریمی کوردستان پیشەوازی لەوەرگرتنەوەی پەنابەران نەکات ودەست لە یەخەی پەنابەران بکەنەوە و راشکاوانە وە رەسمن رای بگەیەنیت فرۆکەخانەکان ناخاتە خزمەت ناردنەوەی پەنابەران و ئەو اتفاقیانە هەڵدەوشینیتەوە و هیچ پەنابەرێکی بەزۆرنیراوە قبول ناکات ، دیارە ئێمە پێویستمان بەپشتیوانی زیاتر ودەنگ هەڵبرینی زیاتری ئازادی خوازانی کوردستان و حزب و لایەنەکان و رێکخراوە پیشەی و جەماوەریەکان و کەسوکاری ئەوپەنابەرانە هەیە لەکوردستان کە یاداشتانامە بنوسن کە ئەو خواستانەی تیادابیت بدەنە حکومەتی هەریم و ئەنجومەنی وەزیران و پەرلەمان تا ئێمەش لیرەوە بەهەولەکانمان بتوانین بەر بەم ساسەتە بگرین کە بەرۆکی بە پەنابەرانی کوردستان گرتووە و پەنابەران لەژیانێکی ئاسوودەوە و ئارام ئینسانی بەهرمەند بن وبە ماف و داخوازیەکانی خۆیان بگەن

11–هاوڕێ دەشتی هاوڵاتیانی بەریتانیا چ هەلۆیستێکیان هەیە لەبارەی ناردنەوە کوردەکان لە هەر شارێکدا؟

بەراستی خەڵکی ئازادی خوازی بەریتانیاو یەکیتی کریکاری و رێکخراوە ئینسانی و پەنابەری و تەنانەت ژمارەیەکی زۆری ئەو ئەندام پەرلەمانانەی دەورەی سیاسەتی شەخوازانەی ئەمریکا لەدژی شەری عیراق بوون لەم سیاسەتەی حکومەتەکەی توونی بلیر توورەن ،ئێمە

سەرەتای ئەم کەمپینە لەلایەن ژمارەیەکی زۆر لەهەلسوراونی مەیدانە جۆربەجۆرەکانی کەمپینی پەنابەری لەپاڵماندا راوەستان وە بەرەی دژی دیپۆرتی پەنابەران بۆ عیراق پێك هاتووە ژمارەیەکی بەرچاو لەکەسی ئازادی خوازی بەریتانیاو چەپ تیا کاردەکەن لە لەندەن و شارەکانی لیستەرو مانچستەرو نوتین هام و بەرمنگهام ..شارەکانی تر بەردەوام خۆپیشاندانەکانی ئێمە گەرمو گور رادەگرن نامەی پشتیوانیان نوسیوە ،ئیمزامان بۆ کۆدەکەنەوە شەونو خونی دەکێشن لەگەلمان وە ئەوە ئاشکرایە بۆ ئەوان کە بانگەوازی گیرانەوەی بەزۆری پەنابەرانی کورد و عیراقی بەرهەمی جەنگ و سیاسەتی کاولکاری حکومەتەکەی تونی بلیرو ئەمریکایە کە لەبەرامبەر ژیانو چارەنووسی خەڵکی پەنابەر پەیرەوی لێدەکرێت وە گومانێك نی یە بۆ ئەوان کە رووهینانی خەڵکی عیراق و کوردستان زادەی ئەو سیاسەتەی حکومەتی بەریتانیایە ، هەمیشە پشت و پەنای ئێمەن وهەروەها مافی پەنابەری چەندین سالە بەخەباتی ئازادی خوازی خەڵکی بەریتانیا بەدەست هاتووە وە ئەوان تەنانەت لەخۆپشاندانەکاندا نەك هەر شیعاری دژی گەرانەوەی پەنابەران بەڵکو دژی سنوری دەستکرد و مافی هاولاتی یەکسان ودژ بەکردنەوەی گرتووخانە دەستبەسەرەکان و راسیزم و فشیزم دەیان کەمپینیان هەیە کە ئێمەش لایەنێکی ئەو کەمپینانەین بۆ داسەپاندنی ئەو خواستانە ..هەروەك ئاگادارن گەورەترین خۆپشیاندان سالی 2003 لە لەندەن کرا دژ بەهەڵگیرساندنی شەر لەعیراقدا وە ئەم جەبهە ئازادی خوازە بەردەوامە و لایەنێکی گرنگی پشتیوانی کەمپینی ئێمەو پەنابەرانی کوردستانن.

هاورێ دەشتی هەموومان دەزانین کە زۆرێك لە پەنابەرە کوردەکان ژیانی هاوسەرێتییان پێکهێناوەو منداڵیان هەیە، بەڵام لەهەمانکاتدا زۆرێك لەوانە تا ئێستا مافی پەنابەرێتییان وەرنەگرتوە، ئەوانە چارەنوسیان چی دەبێت؟

سەبارەت بە پەنابەرانەی خیزانیان هەیە کە دیارە بەردەوام چ لەدانیشتنەکانمان لەگەل وەزارەتی ناوخۆ چ لە سەردانی رێکخراوەکانی وەك (UNHCR) و رێکخراوەی لیبوردنی نیو دەولەتی و..تاکید دەکەینەوە و فشارمان بۆ دەولەت هیناوە بۆ وەلام دانەوە بەکەیسەکانیان و قبولکردنیان و دانی مافی پەنابەری و مافی نیشتەجێ بوون بە تەواوی پەنابەرانی کورد عیراقی کە تائیستا رەسمەن دەولەت پێ راگەیاندوین  لە ئیستادا هیچ خیزانێك نانێرنەوە ویان لەیەکیان جیاناکەنەوە کە ئەم هەنگاوە بەرئەنجامی هەولەکانی ئێمەیە و بەردەوامین لەسەر کەیسی ژنانی پەنابەری کوردستان وە تا ئیستا زۆر خیزان وەلامی موسبەتیان وەرگرتووە وە یان لەلایەن ئێمەوە پاریزەریان بۆ گیراوە بۆ چوونە پێشەوەی کارەکانیان.